# چاوپێکه وتن له گه ڵ حه مید ته قوایی لیده ری حیزبی کۆ مۆنیستی کرێکاری ئێران

## سه باره ت به شۆڕشی میسر

**ئه م چاوپێکه وتنه ڕۆژنامه ی ئه نته رناسیۆناڵ ئه نجامی داوه به زمانی فارسی وسه میر نوریش وه ریگێڕاوه ته سه ر زمانی عه ربی. بەرەو سۆشیالیزمیش وەریگێڕاوەتە سەر کوردی**

**ئه نتەرناسیۆنال: لەم هەفتە یه دا جیهان دره نده یی سوپای میسریی بینی که چۆن کەوتنە گیانی خۆپێشانده ران پارچه پارچه یانیان کرد له سه ر شه قامه کان.به ڕای ئێوه ڕوداوه کان به چی ئاراسته یه ک دا ده ڕوات؟**

**حه میدتەقوایی:**

ئه وه ی ئه یبینین قوڵبونه وه ی جه مسه رگیری چینایه تیه وه ڕوبه ڕوبونه وه یه کی ئاشکرا و ڕاسته وخۆیه له نێوان شۆڕش ودژه شۆڕش له کۆمه ڵگای میسری دا.وئه مه ش کارێکی چاوه ڕوان کراو بوو.شۆڕشی میسر بەدروشمی "پێویسته موباره ک بڕوات " ده ستی پێکرد به ڵام هه رله سه ره تاوه ڕوون وئاشکرا بوو که جه ماوه ر ده یویست هه موو ڕژێمه که له ناو ببات که موباره ک نوێنه رایه تی ئه کرد وڕوکه شی ده روه ی به رجه سته ئه کرد .هه ر وه کوو چۆن که له هه موو شۆڕشه کان دا به ڕپا ده بێت له دژی سه رکوتگه ران و داپڵۆسێنه ران دا که سه ری ئه و ده سه ڵاته خۆی له که سایه تی دیکتاتۆر دا خۆی ده بینێته وه وه له هه مان کات دا به به رز کردنه وه ی د روشمی "نان،ئازادی،ڕێزداری مرۆڤایه تی" ده ریان خست که چییان ئه وێێت.وله به ره ی به رامبه ر دا له به ره ی دژه شۆڕش که (سوپا،ده وڵه ته ڕۆژئاواییه کان،ئیخوان موسلمین وهێزه بورژوازیه کانی ترله ئۆپۆزۆسیۆن وه هه روه ها له حکوومه ت دا) هه وڵیان دا بۆ کۆتایی هاتنی شۆڕش له د وا یدا ڕۆیشتنی موباره ک و پارێزگاری کردن له بڕبڕه ی پشتی ڕژێمی ده سه ڵات دار تا راده ی هێشتنه وه ی هه ند ێک له به رپرسانی ڕژێمی پێشوو . سوپا له قۆناغی یه که م به شێوه یه کی ڕوکه شی هه ڵوێستی بێ لایه نی نیشاندا بۆ ئه وه ی ڕۆڵی خۆی ببینێ له دوای لابردنی موباره ک و ده سه ڵا ت بگرێته ده ست وهێزه کۆنه په رسته کانی وه کو ئیخوان ئه لموسلمین له گه ڵ بارودۆخه کان ئه هاتنه وه ودوور له نارِه زایه تی شه قامه کان بۆ ئه وه ی به شێکیان به ر بکه وێت له یا ری دابه ش کردنی ده سه ڵا ت . پێشکه وتن وقوو ڵبونه وه ی ڕادیکالیزمی شۆڕش بواری زۆر نادات به رامبه ر به و یاری پێکردن ود ه ستی ده ستی پێکردنی دژه شۆڕش . و له قۆناغی دووه می شۆ ڕش که به گه ڕانه وه ی جه ماوه بۆ گۆ ڕه پانی ته حریر ده ستی پێکرد له 18ی تشرینی یه که م وبه درو شمی " پێویسته ته نتاوی بڕوات " وڵامی بوێرانه بوو به هه ڵبژارد نه کان ونمایشه هه ڵبژاردنیه کان و ئیخوان ئه لمو سملین وهێزه کانی تری لایه نگه رانی دیموکراسی دژایه تکه رانی شۆڕش . هه روه ها پێشکه وتنێکی تری گرنگی شۆڕشه لابۆ له ناو بردنی ڕژێمی ئێستا له میسر. سوپا له میسر ته نها ئا مرازێک نیه بۆ سه ر کوت به ڵکو وه کوو پاسداری کۆماری ئیسلامی ئێرانی به شێکی گرنگ پێکدێنێ له ده سه ڵاتی و ئابووری ڕژێم .وه لانانی سوپا له ده سه ڵات گشت بنه مای ڕژێمی ده سه ڵاتدار له میسر ده ڕووخێنێت ئه مه ڕوون و ئا شکرایه بۆچینی ده سه ڵاتداری میسری – و وڵاته خۆر ئاواییه کان – و ڕوونیشه سه باره ت به جه ما وه ره وه که ڕای گه یا ند پێویسته ته نت بڕوات . به به رزکردنه وه ی ئه و دروشمه له گۆڕه پانی ته حریر به شێوه ی کی پراکتیکی ئه فسانه ی " ده وڵه تی کاتی " و"به رپرسیاری هه ڵبژارد نه کان" و" به رپرسی ئا لو گۆڕکردنی ئاشتیانه ی ده سه ڵات " له ئێستا به دواوه کاتی ڕوو پێدان نه ماوه . قۆناغی دووه م ده ستی پێکردوه به نارِزایه تی ده ربڕین دژی بڕیاری د ه سه ڵاتی بێ سنووری " ئه نجوومه نی باڵای هێزه چه کداریه کان " و بۆ ڕو به ڕو بونه وه ی ئه م پێشکه وتنه سه رۆک وه زیرانی نوێ که مال ئه لجنزوری– که سه رۆک وه زیران بوو له نێوان ساڵانی 96 تاکوو 99 له سه رده می موباره ک– ده ستی کرد به هێرشکردنه سه رجه ماوه ر به شێوه یه کی ڕاسته وخۆ .کابینه ی نوێ کابینه ی سه رکوته .قۆناغی چه واشه کا رییه کانه ،یان به واتا یه کی تر قۆنا غی کردنه وه ی ڕووی کۆنه په رستی به ڕووی خۆش باوڕییه کان کۆتایی هات . ئه وه ی ئه مرۆ ئه یبینین ده رکه وتنی دژه شۆڕشه له قه ڵافه ته ڕاسته قینه که ی به مانای ده رکه وتنی به شێوه ی ئامرازی سه رکوتگه رانه وکوشت وبڕکردنی جه ماوه ر وئامرازی به خه ڵتان خوێنکردنی جه ماوه ر .

**ئه نته رناسیۆنال:به ڕای ئێوه بۆبه ره وپێشچوونی شۆڕش له میسر ئه و خاڵانه چین که پێویسته د ه ست نیشان بکرێن ،وبانگه وازی ئێوه چییه ؟**

**حه مید ته قوایی :**

یه که م ئا سته نگ که له و بڕوایه دام هه مووان هاوڕان له گه ڵما ئه وه یه که شۆڕش بێ سه رو به ره یه، بێ به شه له هێزی ڕێکخراو وناسراو که توانای ڕابه رایه تی و ڕێکخستنی هه بێت ،پێویسته ئه و بۆشاییه به په له پڕ بکرێته وه . به ڵام به ڕای من تێگه یشتن له م کێشه بنه ڕه تییه هیچت پێ ناڵێێت سه باره ت به کۆتایی پێی هاتنی . پرسیاری بناغه یی ئه وه یه ڕابه رایه تی چۆن د ه رئه که وێت؟بۆ ڕوونکردنه وه ئه توانیت به م شێوه باسی لێوه بکه یت ، ئه گه ر ئه و ڕابه رایه تیه بوونی هه بوایه ئه وکاره چیه که پێویسته بیکردبا یان چی کارێکی ئه خسته کارنامه ی خۆیه وه ؟وڵام دانه وه ی ئه م پرسیاره وه ڵامدانه وەی نه بوونی ده سه ڵاته وئه و مه سه له جۆراوجۆرانه ی که شۆڕش به شێوه یه کی به رده وام باسی لێوه ئه کات و که ده ربڕینه ری بوونێتی له به ر ئه وه هه ر هێزێک خۆی به ڕابه ری شۆڕش بزانێت پێویسته له هه نگاوی یه که می وه ڵامی مه سه له کانی شۆڕش بداته وه بۆ ئه وه ی ڕابه رایه تی شۆڕش بگرێته ده ست .

به بۆچوونی من بازنه ی ڕاسته قینه و کلیلی شۆڕشی میسری مه سه له ی ده وڵه ته . من مه به ستم ته نها لادانی به ڕێوه به رانی وه ڵات نیه . ئه مه کارێکی حاشا هه ڵنه گره ئه و ه ناوه ڕۆکی هه موو شۆڕشێکه وه هه روه ها له شۆڕشی میسریش هه روه کو چۆن پێشتر ئاماژه م پێ کرد ڕزگار بوون له ده سه ڵات ئامانجێکی ڕاسته وخۆی جه ماوه ره. ئه م دژایه تیه کردنه بنه ڕه تیه ی ده وڵه ت به ڕای من تایبه تمه ندیه کی گرنگی شۆڕشی میسری وشۆڕشکانی تره له ناوچه که به به راورد له گه ڵ شۆڕشه کانی ترله ڕابردوو .ئه مه هه تاکو له بزوتنه وه ی داگیر کاری ده یبینیت ونه وت و نۆ له سه د له خۆر ئاوا . دروستکردنی بزوتنه وه یه کی جیهانیه وه کوو ئه مه ڕێکه وت نیه . دوو تایبه تمه ندی سه رمایه داری ئه م سه رده مه مان هه ر له گۆڕانکاریه کا ن له شۆڕشی ئه لکترۆنی له بواری په یوندی کردنه گشتیه کان ومیدیای کۆمه ڵایه تی تا کو قه یرانه گشتیه توند وتیژه کان سه رمایه داری و ڕو هه ڵماڵین له سه ر ڕۆڵی دیمو کراسی په رله مانی له پێناوی یه ک له سه د و تاساندنی نه وت و نۆ ...تاد ڕۆڵێکی چاره نوس سازی هه یه له پێکهێنانی ئه و بزوتنه وه یه له سه ر ئا ستی گشتی پێویسته ئه وه بڵێێن که که م کرد نه وه ی خه رجیه کان و ده سه ڵاتی بێ ڕاده ی سه رما یه داری بازاڕی ئازاد ئه مرِ ۆ مه سه له یه کی جیهانیه، ڕه خنه گرتنی سیاسی له مه مانای ڕه تکردنه وه ی ده وڵه تی ده زگا حکومیه که پارێزگاری ئه کات له م سیا سه ته وکردنی به مه سه له یه کی جیهانی ، وئه مه هه مان بارودۆخه که کرێکاران وجه ماوه ری ویسکونسین و ئۆکلاند ونیویورک و مه درید و له نده ن وئه سینا و ته لئه بیبی وا لێکرد که‌لا یه نگری جه ماوه ری قاهیره و به نغازی ودیمه شق وسه نعا بن . پێویسته ئه م بزوتنه وه جیهانگیره بێ وێنه یه ناو بنرێت بزوتنه وه ی جیهانی "داگیرکردن" ئه و جیهانه ی که نه وت ونۆ له سه دی له ژێر ده ستی یه ک له سه ده .

من له نوسینه کا نی ترم باسم له م مه سه له یه کردوه پێشووتر – پێویسته تا ئێستاش زیاتر قسه ی له سه ربکه ین– به ڵام سه باره ت به م مه سه له یه ی شۆڕش له میسر به بۆ چوونی من داگیرکردنی ته حریربه ناو نیشانه که ی شێوه ی زاڵه له سه ر خه بات له خو دی خۆیدا له ناو چوونی پراکتیکیانه ی خاوه ن ده سه ڵات و که وا زاڵه به سه ر جه ماوه ره وه – و به شه کانی له بیرۆکراسی وپه رله مان– . جه ماوه ر گۆڕه پانی سه ره کی قاهیره ی داگیر کرد ود ه ستیان گرت به سه ریا وراپان گه یاند به لاچوونی موباره ک واز ناهێنن .

به ڵام به ڕای من ئه م هه نگاوه سنووری هه نگاوی ته کتیکی ئه په ڕێنێت–وه کو مانگرتنه کان له شۆڕشی مه رجدار– بۆ گه یشتن به داواکاریه کی دیاری کراو وه کو لا چوونی موباره ک وه کوو ئه وه ی که بینیمان له دوای نۆ مانگ له کۆچ کردنی موباره ک قۆناغی دووه می شۆڕش ده ستی پێکرد که به داگیر کردنی ته حریر جا رێکی تر ده ستی پێکرد . وئه م نموونه یه له داگیرکردنی شه قا مه کان وگۆڕه پانه کان وباخچه کان بووه کارێکی باو له خه بات کردن نه ک ته نها له شۆڕشه کانی ناوچه که به ڵکو له بزووتنه وه ی دژه سه رمایه داری نه وه ت و نۆ له سه د له خۆرئاوا. هه مان ناو بزووتنه وه ی داگیرکردن تایبه تمه ندیه کانی دژایه تی زاڵبوونی ده وڵه ت ده رئه خات . ئه م جۆره نارِه زا یه تیه به ڕای من هاوتای ڕه خنه ونه هێشتنێکی ڕاسته قینه ی ده سه ڵاتی ده وڵه تی باڵا ده سته و له پشتی جه ماوه ره وه هه تاکوو ئه گه ر خو دی شۆڕشیش باسی له مه ی نه کردبێت وهه تاکوو ئه گه ر ڕوون و دیاریش نه بێت سه باره ت به چالاکه وانانی وئه م داواکاریه یان به م شێوه دانه ڕشتووه وراشیان نه گایندووه. هه روه کو چۆن مارکس ووتی له گۆڕانکاریه مێژووییه کان ناتوانرێت ڕووداوه کان له ڕێگه ی قسه ی چالا که وانانه کانیه وه هه ڵی بسه نگێنین.

وه کو هه ڵسه نگاندنی تاکه کان له لایه ن خۆیانه وه. به س ته نها حیزب یان هێزێکی سیاسی ئه توانێت سه رۆکا یه تیه ک پێک بهێنێت که پێش هه مووشتیک وشیاری هه بێت به رامبه ر به و واقیعه وبه خاڵی هێز و توانای دائه نێت . به هه مان شێوه سه باره ت به تایبه تمه ندیه کانی شۆڕشه کانی دژه ده وڵه ت و هه روه ها بزوتنه وه ی نا ڕه زایه تی دژ به سه رمایه داری له خۆر ئاوا ڕوون نه کراوه ته وه به شێویه کی باش وڕوون هه روه ها چوارچێوه ی به رنامه یه ک یاخود لیستێکی سیاسی وه رنه گرت که سه رچاوه ی له نه بوونی ئا مادە بوونێکی چالاکی حیزبێکی سیاسی یان هێزێکی سیاسی پێشڕه و له م گۆڕانکاریا نه دا . پێش هه مووشتێک ئه رکی هێزێکی پێشڕه و پێویسته له ده وروبه ری ئه و ڕه خنه سیاسیه دا بخولێته وه و بیگۆڕێت بۆ به رنامه یه ک یان لیستێک که ده ستی سیاسی و ئابووری بورژوازی بشکێنێت ،به واتایه کی تر ڕێکخستنی جه ماوه روه کوو ده سه ڵات داری سیاسی .

ته نها ئه وه ڕوونه که کۆ مه نیسته کان وه کوو کۆمه نیسته کرێکاریه کان ئه توانن ئه و ڕۆڵه ببینن . شۆڕشی میسری پێویستیکی زۆری هه یه به هێزێکی له و شێوه بۆ ئه وه ی زیاتر و زیاتر پێش بکه وێت وبگات به سه رکه وتنی کۆتایی .

**ئه نته رناسیۆنال: ئه جنده ی حیزبی کۆمه نیستی کرێکاری ئێرانی چیه بۆ پارێزگاری کردن له شۆڕشی میسری و چی له توانایدایه بۆی ئه نجام بدات ؟**

**حه مید ته قوایی :**

ئه وه ی ئاشکرایه گۆڕه پانی ڕاسته وخۆی خه باتی ئێمه کۆمه ڵگای ئێرانه وله به ر ئه وه به داخه وه ناتوانین به شێوه یه کی ڕاسته وخۆ ڕابه رایه تیانه ببینین له ڕێکخستنی پراکتیکیانه ی شۆڕشی میسری . به ڵام ئه مه مانای ئه وه نیه که به هیچ شێوه یه ک جێ ده ستمان دیار نیه یان هیچ ئه رکێکمان نیه .

ئێمه ئه توانین وئه رکی سه رشانمانه که پشتگیریکه ری ڕێ وشوێنی کۆمه نیزمی کرێکاری بین له م شۆڕشه وسه رنج وخواستی کۆمه نیسته شۆڕشگێڕه کان به ره و ئه و خا ڵا نه ی که باسمان لێوه کرد و چی له تو انامان دایه بۆ ئه وه ی جێ به جێێ بکه ین .کاری ئێمه به رده وامی و په یوه ست بوونه له گه ڵ شۆ ڕشگێڕه میسریه کانه له ڕێگه ی حیزبی کۆمه نیستی کرێکاری چه پی عێراقه وه .

ئه مه ئه و ڕێگه یه که کۆمه نیزمی کرێکاری به هێز ئه کات له میسروهه روه ها له ناوچه که و زه مینه خۆش ئه کات بۆ ڕابه رایه تی شۆڕش . ئێمه تا کوو ئێستا چه ند هه نگاوێکمان ناوه له م نێوه دا و پێویسته به شێوه یه کی فراوانتر و چالاکانه تر کار بکه ین .

به ڵام پێویسته به شێویه کی ڕاسته وخۆ ده ستتێوربده ین به پێوه ری ماکرۆ له کاره که . و له تواناماندایه سیمنیار وکۆبونه وه ببه ستین له سه رئاستی جیهانی سه باره ت به مه سه له کانی شۆڕش ناوچه که هه روه ها سه باره ت به بزوتنه وه ی نه وت ونۆ له سه د و سه رنجی شۆڕشگێڕه کان له میسر ڕائه کێشێن و هه روه ها له ناوچه که بۆ مه سه له ئاڵوزه کان و ڕێگه ی پێشکه وتن ونارِه زایه تیه کانی دژی سه رمایه داری هه نۆوکه یی . هیوادارم به م نزیکانه بتوانم چه ند کۆڕ و سیمنیارێک له و هاوشێوه یه ڕێک بخه م .



**وەرنە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقەوە و بەهێزی بکەن لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجەکانتان کە ئازادی و یەکسانیە وە لە پێناو بە دیهێنانی خواستەکانی ڕۆژانەتان وە لە پێناو سۆشیالیزمدا کە تەنها ڕێگای ڕزگاریە لە دەست هەموو ستەم و چەوساندنەوەیەک . کۆمەکی ماددی بەم حیزبەی خۆتان بکەن .**

## پاشماوەی چالاکیەکانی

کەنەدا.هاوکات بەنیشاندانی چەندین ووێنەی ئەو ژن و کچانەی کە بوونەتە قوربانی نامووسپەرستی وئەقڵییەتی پیاوسالاری لە کوردستان و ئەوروپا لە بەردەم هۆڵی خۆئامادەکردن بۆ خۆپیشاندانەکە کە بووە مایەی سەرنجی




زۆرێک لە ئامادەبوان وخۆپیشاندەران.
بۆ بەررپاکردنی مەراسیمی 8ی مارس، ڕێکخراوی ڕزگاری ژن لە عێراق و ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق لە گەڵ هەندێ لە پیاوان وژنانی هەڵسوراوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان هەستاین بەپێکهاتنی کۆمیتەی مەراسیمی 8ی مارس .کە پێك هات بوون لەمانە
ئێوارەی 10/3/2012 کۆمیتەی مەراسیمی 8ی مارس مەراسیمێکی پر شکۆی بەڕێکخست .کە بەم شێوەیە بوو بەڕێوەبردنی مەراسیمەکە لەلایەن سارا باهیر وەکە کورتەیکی لە بارەی هەشتی مارسەوە باسکرد وە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕیزلینان لە ژنان وئەوکەسانەی گیانیان لە پێناو یەکسانی دالەدەستداوە دەستپێکردنی مەراسیمەکەی ڕاگەیاند ،خوێندنەوە ووتاری کۆمیتەی مەراسیم لەلایەن خەجاو نوری بوو. ووتەی ڕێکخراوی رزگاری ژن لە عێراق لە لایەن سەرگوڵ ئەحمەدەوە.پاشان ووتاری ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق لە لایەن شنە محمەدەوە، لەلایەن (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران) برووسکەی پیرۆزبایی لێ درا. وە دەرگا ئاوەڵاکرا بۆ ئامادەبوان کە تیایدا قسەی خۆیان بکەن لەلایەن خولیا حسینەوە پارچەشیعرێك خوێنرایەوە ڕەها ناڵە بە زمانی ئینگلیزی ووتەیەکی پێشکەش کرد پاشان گۆرانی

یەکی بەزۆزی ئاڵا حەوێز و وورمێ کاوە بووە سەرنجی ئامادەبووان.جێگەی ئامازە پێکردنە کە ئەم هاوڕێانە(گوڵزار هەمە رەفیق و دلسزۆز نوری) چمکێکی گەورەی مەراسیمەکەیان لە ئەستۆ گرت بووکە گەڵیشیدا گوڵی سوریان پێشکەش بەتەواوی ژنان کرد. وە لە بەشی دووەمی مەراسیمەکە بە خواردن وخۆشی وشادی دەستی پێکرد. .هەر لێرەوە پێویستە ئەوە بووترێ کە جێگەی تەقدیرو پێزانینە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کۆمەکی جدی مەراسیمەکەیان کرد لە ڕووی فەنییەوە.مەراسیمەکە لەناو شۆروشەوقی ئامادەبوان کۆتایی پێ هێنرا.

## کۆڵن / ئەلمانیا

ڕۆژی هەینی ٠٩.مارس ی٢٠١٢ لە شاری کۆڵن مەراسیمێک بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان سازکرا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بەشدار بوون وە مەراسیمەکە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانەوە بانگەوازی بۆ کرابوو .
سەرەتا وریا ئەحمەدی قسە و باسێکی لەسەر ئەوزاعی جیهانیی ژنان وە ستەمی دەسەڵاتی ئیسلامی وە سەرمایەداری لەسەر ژنان و ئە همیەتی ٨ی مارس کرد و پاشان ستاری چیمەنتۆ قسەو باسێکی سەبارەت بە دەسەڵاتی ئەحزابی ئیسلامی و قەومی لە عێراق و کوردستان سەرکوتی ژنان لەلایەن حکومەتی ئیسلامیی بەغدا وە دەسەڵاتی ئەحزابی ئیسلامی قەومی لەکوردستان و ئەهمیەتی ڕێکخراوبوون بەدژی سەرکوتی ژنان کرد. شایانی باسە کە وریا ئەحمەدی هەڵسوڕاوو کادری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)یە

## کەرکوک

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراق ئەمساڵ رۆلێکی بەرچاوی هەبوو لە بەرز راگرتنی یادی هەشتی مارسدا به دەیان لافیتەی لە سەرجەم شەقامەکانی شاردا هەلواسی. ئەو شعارانەی لە سەریان نوسرابوو داواکاریەکاان بوون وەک دەبێ هەشتی مارس بە پشووی رەسمی بکرێ ، یەکسانی هەمە لایەنەی ژن و پیاو ، دەبێ ابتهال کاسد واز بهێنێ لە پۆستەکەی و

. ئەمانە کاریگەری باشیان هەبوو لە سەر رۆژی ژنانیل لەمساڵدا. حیزب و هێزەکانی دەورو بەری لە گەڵ ٢٥ رێکخراوی ژن و ریکخراوی جەماوەری لەوانە رێکخراوی رزگاری ژن لە عێراق و رێکخراوی ئازادی خوێندکاران و لاوان و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی یە شۆڕشگێر و یەکسانی خواز نەخشێکی سەرەکیان هەبوو
ریکخراوی رزگاری ژن لە عێراق بەشداری ئەو کۆنگرەی کرد لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کرا کە بە ناوی پا پێکەوە راپەرین لە بەرانبەر هەلومەرجی ئیستای ژنان . لە لایەن ریکخراوەکای ژنانەوە زۆر پێشنیار خرانە روو بۆ لا بردنی ئەو ستەمەی ئیستا لە سەر ژنانە وەک پێشنیاری نا بۆ کولتوری توندو تیژی دژی ژنان کە لە ١٥ داواکاریدا بەرجەستە دەکرایەوە لە گەل ١٠ داواکاری تری دەست ۆ بۆ ژنان ئەم پێشنیارانە لە لایەن مریەم جەمیلەوە هەلسوراوی ریکخراوی رزگاری ژن خرانە روو.
لە کاتی باسەکادا ئە دەنگە بەرز کرایەوە لە لایەن رەعد راشد ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاوە کە مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو مەحالە ئەمە لە لایەن خواوەندەوە هاتوەو قسەی لە سەر نی یە . وە داوایان لە جەماوەر کرد کەس خۆی ماندوو نەکا قسە لە سەر ئەم ەسەلەیە نەکەن ئەمە بوو هۆی تورە کردنی هەلسوارانی ژنان دەستیان دایە نارەزایەتی کردن بەرانبەر ئەم هەلویستەی ئەندامی ئەنجومەنی پاریزگا وە زۆربەیان هۆلەکەیان بەجێ هێشتو ژەمارەیەکی کەم خەلکی تیدا مایەوە کە ئەوانێش هەموو نارازی بوون بە قسەکانی رەعد راشید بەلام هەروەک بە مریەم جەمیلیان ووت ئێمە داوای لێ بوردن ئەکەین تکایە با هەموو بینەوە ناو هۆلەکە . ئەم هەواله لایەن زۆر کەناله ئاسمانیەکان و میدیاکانەوە بلاو کرایەوە .آ

## یاداشتنامەی ژنانی کەرکوک

**بۆ بە رێزا\پاش سلاو**
**پارێزگاری کەرکوک \ ئەنجومەنی شاری کەرکوک\ سەرەک وەزیرانی عێراق \ حکومەتی عێراق\ سەرۆک کۆمار \ پەرلەمانی عێراق\ سەرۆکی کوردستان\ پەرلەمانی کوردستان\ حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**ئێمە کۆمەڵێک ڕێکخراوی جەماوەری و مەدەنی و کەسایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بە ژن و پیاوەوە شان بە شانی گروپی" هەڵمی نا بۆکەلتوری توندی و تیژی دژی ژنان" ئەم گردبونەوەیەمان ئەنجام داوە کە ناوەکانمان لەلای خوارەوە هاتوە، ماوەی دوو ساڵ زیاترە هەوڵەکەنمان بە گرخستوە و چالاکیمان بەشێوەکی بەردەوام ئەنجام داوە، ئەمڕۆ کە 8 مارسە و ڕۆژی جیهانی ژنە لەسەرا سەری جیهاندا، ئێمەش لێرە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانمان کە پێشێل کراوە هاتوینەتە مەیدان ، بۆ وەبیرهێنانەوەی هەموو جۆرەکانی توند وتیژی دژی ژنان و دانانی سنورێک بۆ ئەو کارەو قەلاچۆکردنی، ئێمە داواتان لێدەکەین ئەم داواکاریانە بگەیەننە لایەنی پەیوەندی دار لە حکومەتی ناوەند عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دەسەڵاتدانان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەندەی کە پەیوەندی بە ئاستێکی باڵاترەوە هەیە، و ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە داودەکەین لە زوترین کاتدا وەلامی داواکاریەکانمان بدەنەوە. ئێمە ڕادەگەیەنین کە دەست لە داواکاریەکانمان هەڵناگرین و سود لە هەموو شێوەکانی خەباتی مەدەنی وەردەگرین بۆ بە دەست هێنانی ئەم داواکاریانەی خوارەوە:**
**ئەمانە خوارەوە داواکاریەکانی ئێمەن:**

**دان پێدانان بە ڕۆژی جیهانی ژن کە دەکاتە 8مارس بە پشوی فەرمی لەسەراسەری عێراقدا.**
**بەفەرمی ناسینی یەکسانی ژن پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، کارکردن بە یاسای نەهێشتنی توندو تیژی خێزانی بە هەرێمی کوردستانیشەوە.**
**تەرخانکردنی بەشێک لە بودجەی دەوڵەت بۆ ژنان، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ڕابهێنن و توانایەکانی ژنان ببرێتە سەرەوە، تا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە کۆمەڵگەدا، داوادەکەین دامەزراندن یەکسان بێت لەنێوان ژن وپیاودا بۆ هەررشتەیەک و بوارێکی کارکردن.**
**ناونوسکردنی ژنان لە ریزەکانی سوپا وپۆلیسدا**
**بەشداریکردنی ژنان لە هەموو ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان کە کەمتر نەبێ لە ڕێژەی کۆتای ژنان.**
**دامەزراندنی پەناگای ئارام لەلایەن حکومەتەوە لەسەر ئەساسی ئستانداردی جیهانی بە سەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی ژنان و لە ژێر پارێزگاری دەزگای پۆلیسی تایبەتدا بۆ ئەم ئەرکە.**
**دامەزراندنی بەشی نەهێشتنی توندو تیژی خێزانی لە هەموو بنکەکانی پۆلیس و لەلایان ژنانی پسپۆرەوە بەڕێوە ببرێن.**
**زیادکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بە ڕادەیەک کە ژیانێکی ئینسانی بۆ خێزانێکی پێنج کەسی برەخسێنی، بۆ نەهێشتنی دیاردەی سواڵکردن و لەشفرۆشی.**
**بەشداریکردنی ژنان لە هەموو لیژنەکانی حکومی و کۆمەڵایەتی کە ڕێژەکەی لە کۆتای ژنان کەمتر نەبێ.**
**بوژانەوەی باری ئابوری ژنان لە ڕێگای پرۆژەی قەرزی بچوک ودامەزراندنی کارگە بۆ ئەوەی هێزی کار لە خۆ بگرێ، بەتایبەت بۆ ئەو ژنانەی خێزانیان بەسەرەویە.**
**جیاکردنەوی دین لە دەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن**
**هەڵوەشانەوەی یاسای چەند ژنە، قەدەغەکردنی پیاوانی ئاینی لە مارەبڕین و تەڵاق دان لەدەرەوەی دادگا لەبەرئەوەی مافی ژنان پێشێل دەکات، کێشەی زیان بەخشی لێدەکەوێتەوە.**
**پشتگیری سەروەری یاسا و بەبێ پەنا بردنە بەر شێوەی عەشیرەتی و داب نەریتی پیاو سالاری.**
**هەڵوەشانەوەی یاسای ژمارە 409 ی ( غەسلی عار) کە بەناوی پاکردنەوەی ناموسەوە کوشتنی ژنان ڕەوا دەکرێت هەروەها کوشتنی ژنان بەهەر بیانویەکەوە بێت، دەبێت بکوژ بە تاوانی کوشتن سزا بدرێت.**
**دەبێ ئیبتهال گاصد وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە و ئەم وەزارە تە هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەم وەزیرە و ئەم وەزارەتە بە هیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی مافەکان ژنان ناکەن.**

**لێژنەی بەرز ڕاگرتنی 8 مارس لە کەرکوک**
**- کەمپینی نا بۆ کەلتوری توند و تیژی لە دژی ژنان کە پێک هاتوە لەم ڕێکخراوانە**
**کۆمەڵەی هیوای عێراقی**
**دەزگای ڕۆژ**
**ئەنجونەنی ژنی ئازاد**
**یەکێتی ژنانی تورکمان**
**ڕێخراوی رزگاری ژن لە عێراق**
**سەنتەری کەرکوک بۆ خانمانی پیشەدار**
**سەنتەری پەنا**
**ئەنجومەنی هاوڵاتی ئازاد و یەکسان**
**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**
**یەکێتی ئەفرەتانی پارێزگارانی کوردستان\کەرکوک**
**ڕێکخراوی ئازادی خویندکاران و لاوانی عێراق**
**ناوەندی ژنی ئازاد**
**سەنتەری بەرگری ژنان**
**ڕێکخراوی قەندیل پاک**
**ڕێکخراوی ژنی رزگاریخوازی کوردستان**
**ناوەندی کۆمەلایەتی ڕێکخراوی چاک**
**ئافرەتانی بزوتنەوی گەلی کوردستان**
**ناوەندی کۆمەڵایەتی(بەشی ژنان)**

**- ڕێکخرای یەکێتی دژی بێکاری لە عێراق**
**- یەکیتی کۆمۆنیستەکانی عێراق**
**- ڕێکخراوی دیفاع لە سکۆلاریزم و مافە مەدنیەکان خەڵکی عێراق**
**- بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان**
**- یەکێتی ژنانی کوردستان**

8ی مارسی 2012



...لەریپێوانی شوراکان بۆ بەشداریکردن لەمیتینگی ١٦/٣/١٩٩١ لەسلێمانی



وێنەی کۆمۆنەی پاریس کە بۆ ماوەی ٧٢ ڕۆژ حکومەت کەوتە ژێر چنگی کرێکاران


مەفرەزەیەکی چەکداری بزووتنەوەی شورایی دوای هێرشەکانی حکومەتی بەعس بۆ سەر شارەکانی کوردستان لەناوچەی رانیە. ١٩٩١/٤/٥


یەکێك لەهەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی.
ژنێکی چەکدار لەکاتی ریپێوانی شوراکاندا لەشاری سلێمانی

# هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە !

**ماڵپە ڕەکانی**
**کۆمۆنیزمی کرێکاری**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
www.socialism.com
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران**
www.wpiran.org
**کۆمیتە ی کوردستانی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران**
www.iskraa.org
**سایتی مەنصور حیکمە ت**
www.m-hikmat.com
**سایتی حە میدی تەقوایی**
www.hamidtaqvaee.com

**بەرەو سۆشیالیزم**
**سەرنوسەر :**
**سەردار عەبدوڵا حەمە**
**تە لە فون:** 14165615131
**ناوونیشان لە فەیسبووک**
Serdar Abdulla Hama
**دە ستە ی نو سە ران:**
**سمیر نوری،**
**سە رگوڵ ئە حمد،**
**کاروان ئە جمە دین،**
**ستار حە مە علی**